چوارشەمە مووچەی مامستایانی گرەبەستی وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵای هەرێم دابەش دەکرێت

وەزارەتی دارایی هەرێم رایگەیاند، سبەی چوارشەمە مووچەی مامستایانی گرەبەستی وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا دابەش دەکرێت.

ئەمە سەشەمە ١٨ـی ئازاری ٢٠٢٥، وەزارەتی دارایی هەرێم رایگەیاند، ڕۆژی چوارشەمە (١٩ ی ئازاری ٢٠٢٥) مووچەی مانگی شووباتی مامستایانی گرەبەستی وەزارەتی پەروەردە لە سنوری پارێزگای سلێمانی و مووچەی مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٢٥ و کرێی وانەبێژی مانگی ئابی ساڵی ٢٠٢٤ ی مامستایانی گرەبەستی وەزارەتی پەروەردە لەسنوری پارێزگای هەولێرو دهۆک دابەش دەکرێت.

ئاماژەی بۆشکرد، ڕۆژی چوار شەمە ١٩ ی ئازاری ٢٠٢٥ مووچەی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢٥ ی مامستایانی گرەبەستی وەزارەتی خوێندنی باڵا لەسەرتاسەری هەرێم دابەش دەکرێت، کەسەرجەمیان تەمویلیان لەسەر داهاتی ناوخۆ خەرج دەکرێت.